cyan magenta yellow black File: P.11



خەبات
www.xebat.net
پێنج شەممە 2015/5/28 ژمارە (4811)

## پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان نەسرەدین هەورامی، هەڵگری مەدالیای بارزانیی نەمر:

# شانازی دەکەم کە تا ئێستا بە بیروباوەڕی پیرۆزی بارزانیی نەمرەوە خۆم بەپێشمەرگە و خزمەتکاری ئەو ڕێبازە دەزانم



**ساسان دەروێش/ هۆڵەندا**

لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا زۆر مرۆڤی لەخۆبوردوو و بەهەڵوێست هەن کە خۆشەویستی نیشتیمان بەجۆرێک ئاوێتەی خوێنیان بووە کە ژیان و جوانـاوی خۆیان خەڵات کردووەو بوونەتە خزمەتکاری نیشتیمانەکەیان و بەهەمیشەیی لەسەنگەری بەرگری و قوربانیدا خۆیان بینیوەتەوە دژی داگیرکاری و دوژمنانی کورد و کوردستان.

بەشانازییەوە یەکێ لەلاپەڕە زێڕینەکانی ئەو مێژووەش هەڵگری ناوی مام نەسرەدین هەورامی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵانە کە بەدرێژای تەمەنی، خۆی و منداڵەکانی و بنەماڵەکەی پێشمەرگە بووە و بۆ ساتێکی کورتیش نەوەستاوە لەوخزمەت و ڕێبازە پیرۆزەی بارزانیی نەمر، بێ گوێدانە هەڵکشانی تەمەن و گەڕان بەدوای ماڵی دنیاو شوێنی ئارام و پلەوپایە، تەنها ناوی پێشمەرگایەتی لەهەموو شت لەلا پیرۆزتر بووە لە ژیانی ڕۆژانەیدا. لە وێستگەکانی ژیانیشیدا بەشداری چەندین چالاکی و داستان و نەبەردی کردووەو لە پێشمەرگایەتی و بەرخۆدانیشدا چەند جارێک بەسەختی بریندار بووە و لە پاداشتی ئەو هەموو دڵسۆزییەشی کە لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا هەیبووە، بووە خاوەنی هەڵگری مەدالیای بارزانیی نەمر. لە دوای ڕاپەڕینیش بۆتە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی دەربەندیخان و ئەندامی لقی چواری پارتیمان لە سلێمانی و دواتریش بووە بە بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری و ئێستاش ئەندامی دەزگای باڵای ئەیلوولە و هەمیشە لەنێو بارەگاکانی پێشمەرگەدایەو سەردانی سەنگەرەکانی پێشەوەی هێزەکانی بەرگری دەکات دژی تیرۆریستانی داعش. بەڵام ئەوەی جێگای داخە بۆ ئەم پیاوە مەزنەی ڕێبازی کوردایەتی ئێستاکە لە کاریگەری برینەکانی جەستەی و زۆری تەمەنی کەمێک تەندروستی باش نییە، بۆیە بۆ چارەسەر بەسەردانێک هاتۆتە دەرەوەی وڵات و لە هۆڵەندا. ئێمەش بۆ ڕێزگرتن لەخەبات و قوربانیدانی، شاندێکی کارگێڕانی لیژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان "پێشڕەو حەسەن و شێرزاد یونس ڕۆژبەیانی و ساسان دەروێش" و ئەحمەد سولێمان بەرپرسی ڕێکخراوی ئەمستردام لە شوێنی حەوانەوەی سەردانیان کردو تاجەگوڵینەی وەفادارییان پێشکەش کرد. ئەوەی جێگای خۆشحاڵی شاندەکە بوو کە کاتێک بەدیداری مام نەسرەدین گەیشتن وەک چۆن لە کوردستان بەجلوبەرگی پێشمەرگایەتی و جامانەی سوورەوە بەهەمیشەیی دەبینرا، لێرەش بەهەمان شێوە بوو، واتە بە جلی کوردییەوە پێشوازی لە شاندەکە کردو خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ ئەو بە سەرکردنەوەیەو وتی: ئێمە لە کوردستان سەربەرزین بە ئێوەی هەڤاڵانی ناوچەی هۆڵەندا و ئەندامەکانتان و بەچالاکییە بەردەوامەکانتان، بەتایبەتی لە سەرکەوتنی هەڵبژاردنی ڕابردوودا بۆ پەرلەمانی عێراق کە بەدەستتان هێنا، کە زۆرینەی دەنگ و متمانەی کوردانی هۆڵەندا بۆ پارتیمان و بارزانیی نەمر بوو. لەوەڵامیشدا ئەندامانی شاندەکە ڕایانگەیاند کە خزمەت کردنیان بەکورد و کوردستان و پشتبەستن بەڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر وایکردوە کە زۆرینەی کورد دەنگ بەوپارتە بدەن کە هەمیشە لە هەوڵی داکۆکیکردن و هێنانەدی خەونە گەورەکەیانە لە سەربەخۆیی بوون و بوونی کوردستان بەدەوڵەت، ئەمەش بەهەوڵە دیبلۆماسیەکانی سەرۆک بارزانی بووە. دواتر شاندەکە لە هەواڵ پرسینی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی و ئامادەیی خۆشیان دەربڕی بۆ هەر ئەرکێک بکەوێتە سەر شانیان. ئەویش سوپاسی شاندەکەی کرد و وتی: من شانازی دەکەم کە تا ئێستا بەبیروباوەڕی پیرۆزی بارزانیی نەمرەوە خۆم بەپێشمەرگە و خزمەتکاری ئەو ڕێبازە دەزانم، کە ئێستا تەمەنم لەحەفتا بەرەو ژوورەو هیچ کاتێکیش دوودڵ نەبووم لەوەی کە پەشیمان بم لەڕابردووم، سەرەڕای چەشتنی چەندین هەوراز و نشێوی ژیانم، کەچی هەر بڕوام پتەوبووە بەبیروباوەڕەکەم و مستەفا بارزانیی نەمر کە هەمیشە ئومێدو هیوام بوون و دڵخۆش بووم کە کورد لەکەناری بێ کەسی و ژیانی چەوسانەوەی داگیرکاران ڕزگاردەکەن. ئەوەتا بەبەرچاوی هەموو دنیاوە ڕۆڵەو نەوەکانی بارزانیی نەمر بە تایبەتی سەرۆک مەسعود بارزانی لە چ هەوڵ و تێکۆشانێک دایە کە ئەو ئەزموونەی بەخوێنی ئاڵی شەهیدانی کورد و کوردستان بەدەستهاتووە بەئێستاشەوە، بەخوێنیان جارێکی تر نەخشەی داگیرکاریان سڕیەوە، ئەوەتا هەموومان دەبینین سەرۆک بارزانی خۆی لەسەنگەرەکانی پێشمەرگەدا دەمێنێتەوە. هەر لەو ڕوانگەیە و خەمخۆری بۆ گەلەکەشی دەبینین چۆن پێشوازی لێ دەکرێ لەلایەن سەرۆکەکانی دنیاوە. هەر ئەویش بوو هەموویانی هێنایە سەرخەت بۆ هاوکاری کردنی کوردستان و هێنانی چەک و پێداویستی سەربازی بۆ پێشمەرگەکانمان، هەر هەوڵ و هیمەتی ئەویش بوو هاوکاری کۆبانێ کراو بەفەرمانی ئەویش پێشمەرگە بە فەرمی بە وڵاتانی تر و بە ئاڵای پیرۆزی کوردستانەوە چوونە کۆبانێ بۆ پاڵپشتی کردنی براکانیان لەوێ... ئەم هەنگاوانەش گەورەیی ئەم سەرۆکەی نیشانی دنیا دا، بۆیە پێم وایە بوونی ئەم سەرۆکە لە ئێستاو داهاتوودا دڵنیایی هەموو کوردە کە دەسەڵات لەدەستێکی ئەمین دایە، ئەمەو سەردانەکە چەند کاتژمێرێکی خایاندو لەدوای هیواخواستن و نزای چاکبوونەوە بۆ مام نەسرەدین سەردانەکە کۆتایی هات.

## جەنەراڵێکی ئەمەریکا:

# زۆربەی عێراقیەکان لەو باوەڕەدان واشنتن کۆمەکی داعش دەکات

**سین دی نایلەر**

جەنەراڵی بەرپرسی لە هێزی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی ئەمەریکا لە عێراق لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوو دەڵێت کەمپەینی زانیاریەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر ناتەواوە، بۆیە زۆرینەی سوپای عێراق بیروڕایان وایە سوپای ئەمەریکا بە نهێنی کۆمەکی پێشکەش بە دەوڵەتی ئیسلامی دەکات-کە وایکردووە هێزەکانی سوپای ئەمەریکا و هاوپەیمانانی جەنگی دژی داعش لاواز دەربکەون لە بەرەنگاربوونەوەی میلیشیاکانی دەوڵەتی ئیسلامی.

کێرت کریتزەر فەرماندەی بەتالیۆن لە سوپای ئەمەریکا سەبارەت بە زانیاری ئۆپەراسیۆنەکان گووتی" دوژمنەکانمان هەمیشە لە ڕووی دەستەبەرکردنی زانیاری ئۆپەراسیۆنەکان هەنگاوێک لە پێش ئێمەوەن". کریتزەر جێگری فەرماندەیە لە فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی فەرماندەیی ناوەند، یەکێک بووە لە فەرماندە نوخبەکانی پێنتاگۆن ئەرکی هەڵسوڕاندنی ئۆپەراسیۆنەکانی عێراقی لە ئەستۆ دابووە . ناوبراو لەگەڵ چەندین بەرپرس و فەرماندەی دیکەی سەربازی ئۆپەراسیۆنەکان لە کۆنفراسێکی تایبەتدا تیشکی خستە سەر ئەو نارەزایەتیانەی بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە لەئارادایە ،بەوەی ئەمەریکا لە ڕێگای پڕوپاگندەی داعش لە دوای 11ی سپتێمبەرەوە هەوڵی دەستخستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی دەدات.نیگەرانی کریتزەر بەڵگەیە بۆ ئەو دوازدە ساڵەی عێراق لەلایەن ئەمەریکا داگیرکراوە، گەلی ئەمەریکا خاوەن داهێنانی ئینتەرنێت و بنکەی سینەمای جیهانی هۆلیوود و جەندین سەرچاوەی داهاتی بەنرخە ،کەچی ئێستا ئەو جەمسەرە کەوتۆتە نێو دونیایەک کێشە لە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی پەیامە پڕوپاگندە ئامێزەکانی گروپێکی تیرۆرست، کە جیهانبینیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەم، کەچی ستراتیژی سۆشیال میدیا و ناوەندی ئاڵۆز بەکار دەهێنی بۆ پەیدا کردنی پارەو ڕاکێشانی چەکداران بۆ نێو ڕیزەکانی. دەربارەی بیروباوەڕی گروپە تیرۆرستیەکان کریتزەر ڕایگەیاند "دەوڵەتی ئیسلامی و گروپەکانی دیکە خاوەن ئایدۆلۆژیای بەهێزن و پشتیوانی جیهانیان لە پشتە ، دەبێ ئێمە ڕیگا چارە بدۆزینەوە کە چۆن کاریگەرانە ڕووبەڕووی جەنگی ئایدۆلۆژی ببینەوە"، ناوبراو ئەوەشی گووت " ئەمەریکا پلانی دوورمەودای داناوە بۆ ئەوەی ململانێی نەیارەکانی بکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەل ئەوەشدا هەرخۆشی ئاسانکاری گەیشتن بە زانیاری لەسەر مەیدانی جەنگ بۆ نەیارەکەی دەستەبەر کردووە". بۆ نمونە ئەو چیرۆکە لە شەقامی عێراقی زۆر باس دەکرێت کە ئەمەریکا کۆمەکی ئەو هێزە تیرۆرستیە ڕامالراوانەی لەماوەی هەشت مانگی ڕابردوو لە باکوری سوریاو عێراقی کردووە بۆ ئەوەی بخزنە ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق و سەرەنجام شاری ڕومادی ناوەندی پارێزگای ئەنبار داگیر بکەن، کریتزەر هۆکاری سەرەکی ئەو خاڵەی کە عێراقیەکان باوەڕیانوایە ئەمەریکا هاوکاری پێشکەش بە تیرۆرستان دەکات بەڕوونی ئاشکرا نەکرد هەرچەندە ئەو گرووپە بەربەری و نامرۆڤدۆستانەیە درێغی نەکردووە لە سەربڕینی بارمتەی ئەمەریکی و ڕۆژئاوایی، ئەو بیردۆز و بیرۆکانەی لە عێراقەوە دەربارەی ئەمەریکا هەڵدەقوڵێن دەمێکە ئەو گومانەیان خستۆتە سەر واشنتن بەوەی کە لە بیانوو دەگەڕێ جارێکی دیکە ڕێگا تەنانەت بۆ گەڕانەوەی سوپای ئەمەریکا بۆ عێراق خۆش بکات تاکو بە هەمیشەیی بمێنێتەوە، جگە لەم چیرۆکە، چیرۆکێکی دیکە دژی ئەوەی باسکرا لە عێراق لە ئارادانیە. کریتزەر گووتیشی خەڵکی عێراق هێندە فەقیر و نەخوێندەوار نین باوەڕ بە هەموو چیرۆکێک بکەن. دوابەدوای کۆنفراسەکە لە وەلامی پرسیاری ڕۆژنامەنوسان کریتزەر درێژەی بە تەوەری سەرەکی باسەکەی دا و گوتی تەنانەت قاسم سولەیمانی سەرۆکی هێزەی قودس کە جێبەجێکاری ئەرکە هەواڵگری و ئۆپەراسیۆنەکانی کۆماری ئیسلامی ئیرانە لە دەرەوە ، بەهامان شێوە کەوتۆتە نێو ئەو گومانە. سولەیمانی کۆنترۆلی بەسەر زۆربەی میلیشیا شیعەکانی عێراقەوە هەیە کە وەک بەدیلی ئێران دژ بە سوننە توندڕەوەکانی نێو داعش دەجەنگن. فەرماندەی هێزەکانی قودس پێیوایە ئێمە هاریکاری داعش دەکەین.سەبارەت بە سوپای عێراق و هێزە ئەمنیەکان، کریتزەر ئاشکرایکرد کە بیرۆکەی پشتیوانی ئەمەریکا لە تیرۆرستان لە هزری هێزە ئەمنیەکانی عێراق بلاو بۆتەوە بە جۆرێک ئەوان ڕەتی دەکەنەوە بوونی هێزی سوپای ئەمەریکا سارێژکەری بارودۆخەکە بێت، بۆ نمونە ئەندامی یەکێک لە کروپە میلشیاکانی عێراق بە بێ ئەوەی کریتزەر بە دیاری کراوی ئاماژە بە ناوەی گرووپەکە بدات لەم ڕۆژانەی دوایی بە پێی زانیاریەکانی دەزگا هەواڵگری ئەمەریکی تەقە لە هەلیکۆپتەرێکی ئەمەریکی دەکات گوایە کۆمەکی گەیاندۆتە دەست چەکدارانی داعش. لە لایەکی دیکە کریتزەر ئاماژەی بە شتێکی دیکەی سەرنج ڕاکێشدا، لە ژمارەیەک لە یەکەکانی مەشق وراهێنان کە لە لایەن تیمەکانی هێزی تایبەتی ئەمەریکاوە وانەکان دەگوترێنەوە، لە دەروازەی ئەم یەکە سەربازیانە پاسەوانانی عێراقی پرسیاری ئەوەیان لە سەربازانی هێزی تایبەتی ئەمەریکا کردووە بۆ چی ئەمەریکا یارمەتی داعش دەدات؟هەرچەند چیرۆکەکان بکەونە سەرزاران هێندە بەدواداچون و باسوخواس زیاد دەبێت. ئەرکی ئێمەیە لە ئێستادا بەوەفا بین و بە خێرایی هەوڵ بدەین کاریگەری چیرۆکەکان نەهێڵین پێش ئەوەی ئەوان شوێنپێی چیرۆکەکان بکەون، ئێرە گۆڕەپانی یاری نیە ، لەبەر ئەوە دوژمنانی ئەمەریکا هەر پەیامێکیان بوێ دەتوانن لەسەر بنمای نیمچە ڕاستی لە هەرێمەکە بلاوی بکەنەوە، لە بنەڕەتدا ئێمە خاوەن وورەیەکی بەرزین و پەیوەستین بە ڕاستگۆیی.

جەنەراڵ جۆزێف ڤۆتیل سەرۆکی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە تایبەتیەکانی ئەمەریکا گووتی" بۆ ئەوەی بەرامبەر ڕێکخراوێکی وەکو داعش کاریگەر بیت، پێم وایە دەبێ بەرەنگاری (بوونی) داعش ببینەوە، بەرەنگاری ئەو تاکتیکە دڕندایەتیە ببینەوە کە پیادەی دەکات، باوەڕم وایە توانای ئێمە لە بەدەست هێنانی زانیاری لەسەر جموجۆڵ و تاکتیکی تیرۆرستان و ئاشکراکردنی بۆ خەڵک کاریگەری گەورەی دەبێت لەدژی ئەو خەڵکە". دوازدە ساڵە خەڵکی عێراق سوپای ئەمەریکا لەسەر خاکەکەیان دەبنین ئەو سوپایە سەرقاڵی ئۆپەراسیۆنی سەربازیە، لە کۆتایدا وەک دواکۆمێنت کریتزەر ئاماژە بەم وتەیەی دەکات" دەستە واستان و هیچ نەکردن بژاردەی ئێمە نیە".

**لە ئینگلیزیەوە: مەسعود مەحمود**
**سەرچاوە: Foreign Policy**




### بەرپرسانی چین ناچارن سەردانی بەندیخانەکان بکەن!

لە هەوڵێکی دیکەی حکومەتی چین بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی ،دەسەڵاتدارانی شاری شیان لە ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە سەرجەم بەرپرسە ناوخۆییەکانیان ناچار کردووە کە خۆیان و هاوسەرەکانیان سەردانی بەندیخانەکان بکەن و لەوێ چاویان بەو بەرپرسە پێشووانە بکەوێ کە بە تۆمەتی گەندەڵی دەستگیر کراون ، ئەمە وەک ئاگادارکردنەوەیەکیش وایە بۆ ئەوان بۆ ئەوەی خۆیان لە گەندەڵی بەدوور بگرن . تا ڕۆژی 15ی مایۆش نزیکەی 70بەرپرس ئەو کارەیان ئەنجام داوە . شایەنی باسە ئەو بەرپرسانە بۆیان هەیە قسە و گفتوگۆ لەگەڵ بەندکراواندا بکەن.

## لە میدیاکانەوە...

ئا: سابیر حوسێن



ئیلاف: بڕیارە حکومەتی بەریتانیا پڕۆژە بڕیارێکی نوێ سەبارەت بە بنبڕکردنی تیرۆر ئاراستەی پەرلەمان بکات.




ڕادیۆی سەوا: وەک نارەزاییەک بەرامبەر بە داخستنی 10ڕۆژنامە،تۆڕی ڕۆژنامەنوسان لە سوودان خۆپیشاندانێکیان سازکرد.



بی بی سی: عەبدوڵلا سنی سەرۆک وەزیرانی لیبیا لە تەوبرق لە هەوڵێکی تیرۆرستی ڕزگار بوو.



سکای نیوز: سوپای باشووری سودان کۆنترۆڵی شاری مەلکالی پایتەختی ویلایەتی ئەعالی نیلی کردەوە.



ئەلجەزیرە: باراک ئۆباما ڕایگەیاند کە ئەندامانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەسەریانە خۆیان توندوتۆڵتر بکەن لە شەڕی دژ بە داعش.



ئەلعەرەبیە: یەکێتی ئەورووپا ڕایگەیاند کە بەنیازی دارشتنی پلانی تازەیە سەبارەت بە دابەشکردنی پەنابەران لە نێوان خۆیاندا.



کەناڵی ئار تی: سوپای ئیسرائیل هەواڵی کەوتنەخوارەوەی موشەکێکی لە نزیک کۆمەڵگای ئسدود پشتڕاست کردەوە.